# قورئان, دەقێکی زمانەوانی بۆ تەئویل

نیهاد جامی

تەئویلکردنەوەی دەق چەندە دیدێکە تەئویلکاردەیەوێت ئاراستەیەکی جیاواز بۆماناکانی دەق بدۆزێتەوە, هێندەش ڕەخنەئاراستەی ئاگاییکۆمەڵایەتی تێگەیشتنی پێشوو دەکات بۆدەق, بەتایبەت کاتێ ئەودەقەی دەخوێنرێتەوە, دەقێکی یەزدانی وەك قورئانی پیرۆزبێت, کەتەئویلکردنەوەی ئەودەقە لەبنەڕەتداهەڵوەشاندنەوەی ئەودیدەڕاڤەکارییە کەدەق لەنێومانایەکی دیاریکراودا قەتیس دەکات, بۆیەتەئویلکردنەوەی ئەودەقەلەلایان بیریاری عەرەب(نەسرحامد ئەبوزەید)بۆتەهۆی ئەوەی پڕۆسەی تەئویلکردن تەنها خوێندنەوەی جیاوازی نەبێت بۆدەق, بەڵکودەرکردنی هەردووچەمکی(عەقڵ وزانست)بێت, لەنێوسیاقی مێژوویی وتەئویلکردنەوەی هەردووچەمکەکەیە لەنێو ڕەهەندی دەلالی زمانەوە, ئەوساتەش تەئویل لەپڕۆسەیەك بۆکرانەوەی زمان دەبێت بەگوتارێکی ڕەخنەیی بۆ بەرامبەرەکان, بۆئەودیدە سەلەفیەی کەناتوانێ عەقڵ لەنێو ڕەهەندیی مێژوویی دەربکات, هەرلەو ڕەهەندەوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی هاوسەری ئەو بیریارە وهاوسەرەکەی(ئیبتیهال یونس)دەدەن, لەکاتێکدا بەپێی ڕاڤەکردن بۆدەق, دەبێت ئەو دیدە سەلەفیە بکرێتە دەرەوەی خوێندنەوەوە, چونکە ناهێڵێت دەقەکەلەئێستادا بژیێت, بەڵکوڕاڤەکردنی مێژوویی زەمەنێکی ئەفسانەیی بەدەق دەبەخشێت.

هەڵوەشاندنەوەی ئەوزەمەنەئەفسانەییە لەڕێگەیتەئویلەوە بەرهەم دێت, کاتێك توانیمان زەمەنی دەق وزەمەنی تەئویلکار لەیەك جیا بکەینەوە, ئەوزەمەنی ئەوسیستمەفرمان بەتەئویل ناکات, بەڵکو چۆنیەتی بینینی تەئویلکار بۆئەوسیستمە خاڵی ئاشکراکردنە, بۆیە ئەگەردەق لەخوێندنەوەی تەئویلکار ڕووبەرووی ئیشکالیەت بێتەوە, ئەوا "ئیشکالیەتیخوێندنەوە لەسنوری ئاشکراکردنی دەلالەت ناوەستێت بۆسیاقیمێژوویی ڕووناکبیری فیکریی, بەڵکوئەوەیان بۆهەوڵدان وگەیشتنە بەمەغزای هاوچەرخ بۆدەقی کلتوری"(1)

کلتور وەك بەرهەمی ئەوڕابردووە سەیردەکات, کەتەئویلکار وەك خودێك بەشێکە لێی, نەك کلتورێك بێت پێی نامۆبێت, ئەو ڕابردووە ئاینیە ڕەتناکاتەوە, بەڵکودەیەوێت پەیوەندیی لەنێوان کلتوروزانست بدۆزێتەوە, ئەوپەیوەندیە توانای ئینتیماکردنی هەیە بۆتەئویل, ئەوەش لەبەردەم دووکلتوروزەمەنیجیاوازدا دەمان وەستێنێ, زانستی نوێ وەك بەرهەمی خۆرئاوا, دەق وەك کلتورێکی عەرەبی, بەریەککەوتن ویەشداری کردنی ئەودوانەلەگەڵ یەکتری وقبووڵ کردنی ئەوزانستە وەك میکانیزمێك بۆخوێندنەوەی دەق, بەواتای وەك تاکە گوتارێکی سەربەخۆ بەوکارەهەڵناستێ, بەڵکوهەوڵدەدات ئاماژەکلتوریەکانی دەق تەئویل وڕاڤەبکات, ئەوەش لەوخاڵەوەدەست پێدەکات کەپەیوەندیی نێوان دەق ویەزدانی بەستەوەبەزانستی زمانەوە, بۆیە دەستەواژەی(قورئان دەقێکی یەزدانییە)ی گۆڕی بۆ(قورئان دەقێکی زمانەوانی یەزدانییە)بەدانانی ووشەی زمانەوانی بەواتای ئەودەقەلەناو مەغزائاینیەکانداگیرناخوات, هێندەی وەك دەقێکی زمانەوانی سەیری دەکات کەشایەنی تەئویلکردن بێت, چونکەکاتێ ئەودەقە وەك سیستمێکی زمانەوانی دەربکەوێت, ئەوساتەسیاقی مێژوویی زەمەنی دەقە, زەمەنی تەئویلکاریش زەمەنی تەئویلکردنی ئەوسیاقە مێژوویی وڕووناکبیری وفیکرییە, کەبەدوای ئەوەتەئویل دەکات,

کاتێك دەق کۆمەڵێك پرسیاری لادروست دەکات, ئەوپرسیارانە دەبنەمیکانیزمی خوێندنەوە, هەرچەندە ڕاڤەکردنەوەی مێژوویی خوێندنەوەیەك نییە بۆڕابردوو, بەڵکووابەستەبوونی ڕاڤەکارەلەنێومێژوو, ئەوەش سڕینەوەی زەمەنیڕاڤەکردنە, چونکەمێژوو ڕاڤەکاردەخوێنێتەوە, نەك ڕاڤەکارمێژووبخوێنێتەوە, ئەگەر ڕاڤەکارهەوڵیخوێندنەوەی مێژووی بدابوایە, ئەوا ئەوکاتەستراتیژی ڕاڤەکار دەیویست زمان بەرەو کرانەوەبەرێت, چونکە "خوێندنەوەیمێژوویی لەتوانایدایە گەشەی دەلالی لەناو دەق ئاشکرابکات"(2)

ئەوەسەرەڕای ئەوەیحوکمیلەپێشینەی ڕاڤەکار پەیوەندیی بەدەقەوەنییە, چونکەئەوەبەپێی ڕاڤەکردنیئەودەقەنییە, وەك ئەبوزەید ئاماژەی پێدەدات, کەحەوا توانیئادەم بخەڵەتێنیچ, بەڵکو ئەو ڕاڤەکردنەپەیوەندیی بەدەقی تەوراتەوەهەیە,

قورئان ئادەم لەو گوناهەناکاتەدەرەوە, بەڵکو بەرپرسیاریەتی سزاببۆهەردووکیان وەك یەك وایە, بەلاّم ئەوەگوتاری ڕاڤەکارە ئاینیەکانە کەسوود لەچیرۆکەکەی تەورات وەردەگرن‌ولەناو دەقێکی عتر کە قورئانە تەوزیفی دەکەن, بەوکارەش ڕاڤەکار گوتاری دەق کەقورئانەبەئاقارێکی‌تری مانادادەبات, کەپەیوەندیی بەهیچ تێگەیشتنێکی زمانەوەنییە, بەڵکو لەڕاڤەکردنی‌زمانێکی‌دی‌ولەدەقێك کەجیاوازە, ڕاڤەی‌زمانی‌دووەم دەکریچت, بەوکارەش ڕاڤەکارهەڵدەستێت بەشیچواندنی‌مانا, ئەگەرپرسیاری ئەوە ڕووبەرووی‌خۆمان بکەینەوە, ئەو دەقەبۆچی بەرەو تەئویل دەهێنرێت؟ ئەوەپرسیاریچکە پەیوەندیی بەفرەمانایی ئەو دەقەوە هەیە, لەکاتێکدا ڕاڤەکردن لەگەڵ ئەوجۆرەدەقانە پەیوەندیی دەبەستێت کەماناتێیدا دەست نیشان کراوە, یاخود تاك مانایی هەیمەنەی خۆی بەسەردەق دەسەپێنێت, ڕاڤەکردن لەتوانایدانییە دەقی فرەمانا چارەسەربکات, بۆیە ئەوڕاڤەکردنانەی ناتوانن خوێندنەوەی بەو دەقەببەخشن لەجەوهەردا پەیوەندیی بەو میکانیزمەوەهەیە, ئەوەوش سنوری دەسەلاّتی‌ڕاڤەکارلەئاستی‌دەقدا دەست نیشان کراودەکات.

بۆئەوەی ئەوپەیوەندیەبتوانێت چارەسەری خوێندنەوەبۆدەق بخاتە ڕوو, ئەوەدەبێ بڕوامان بەڕەخنەگرتن لەڕاڤەکردن هەبێت‌وئەلتەرناتیڤی ئەوکارەشمان تەئویلە, هەربۆیە ئەو دەقە لەنێوبونیادی زماندا برلاّوای بەتەئویلە, بەلاّم ئەگەرلەڕووی ووتراوی‌نێو زمانی‌دەقەکەش سەیر بکەین دەبینین, هەڤدە جار ناوی‌تەئویل هاتووە, وەك(عەبدولئەمیرکازم)لەلێکۆلینەوەکەیدا ئاماژەی پێداوەولەبەرامبەر ئەوەشدادەڵێت تاقەجارێك ناوی‌ڕاڤەکردن دێت, بۆیە"پەیوەندی ڕاڤەکردنبەدەقەوە پەیوەندییەکە وابەستەیەبەمێژووگەرێتی ڕاڤەکارەوە, بەلاّم پەیوەندیی تەئویل بەدەقەوە, پەیوەندیەکەلەدەرەوەی مێژووی‌دەست نیشان کراودایە"(3)

سیمیۆلۆژیای هیرمنیۆتیکی

بەرلەچوونە نێوخوێندنەوەی پڕۆژەتەئویلکاریەکەی ئەوبیریارەبۆدەق, پێویست ئاماژە بەومیتۆدومیکانیزمەبدەین کەدەقی پێ تەئویل دەکرێت,چونکەئەوخوێندنەوەیە بەرەنجامی‌تیۆری ڕەخنەیی عەقڵی خۆر ئاوایە, ئەوجۆرەخوێندنەوەیەش بۆ قورئان بەرلەهەشت سەدە پێش ئێستا ئیبن روشد بۆ ئەو دەقە خستیە ڕوو, بەلاّم سەلەفیەتی عەقڵی عەرەبی توانای قبووڵ کردنی ئەوخوێندنەوەیەی‌نەبوو, دواجار خۆر ئاوا سوودی لەوخوێندنەوەیەی‌ئیبن رۆشد وەرگرت‌ولەناو گوتاری رشەخنەیی خۆیدا گەشەی پێیدا, کەعەرەب تائەمرۆش لەوهەوڵە دەسڵەمێنەوە, باشترین نمونەش خوێندنەوەی‌ئەبو زەیدە بۆقورئان, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدای خەوێندنەوەی‌نەسرحامد ئەبو زەید بۆقورئان, خوێندنەوەیەکەلەدەرەوەی کلتوری عەقڵی عەرەبیەوەیەوبەرهەمی‌ڕەخنەی خۆرئاوایە, کەلەژێر تیۆری زمانەوانی سۆسێرەوە دەست پێدەکات‌وبەتێگەیشتن‌وخوێندنەوەی‌سلڤرمان بۆئەوکلتورە زمانەوانی‌وفەلسەفیە, کەتێیدا دەق دەخاتەنێوان هیرمنیۆتیکاوهەڵوەشاندنەوە, ئەوەش ناودەنێت (سیمیۆلۆژیای هیرمنیۆتیکی) کەدواجار ئەو پرۆسە تەئویلکاریەی ئەبوزەید دەچێتەوە سەر ئەو سیمیۆلۆژیایە, کەدەیەوێت لەنێوان هیرمنیۆتیکای مێژوویی گادامێروتەئویلکردنی سیمیۆلۆژیانەی پۆل ڕیکۆر ستراتیژێك بدۆزێتەوە بۆقووڵ بوونەوەبۆنێو دەق لەڕێگەی زمان‌وسیستمی دەلالی, ئەوەش لەبنەماوەڕوانینێکی سۆسێریانەیەبۆزانستی‌زمان, کە"زانست بۆئاماژەکان دەبێت بەلقێك لەزانستی‌زمان, کەبشبێت بەی‌ولقەی‌دەست نیشانی میتۆدی زانستی‌نویٚ بکات, لەهەمان کاتدا گرنگترین بەشیشە لێی"(4)

یارەناکریٚ ئەودیدەش بۆسیمیۆلۆژیای هاوچەرخ خاڵی بکەینەوە لەبنەما سیمیۆلۆژیەکانی‌رۆلان بارت, چونکەگۆڕینی‌هاوکێشەی‌دەق لە(مەرگی نووسەر)ی‌بارت وەردەگیرێت,.گەڕانەوەی ئەوپەیوەندیە زمانەوانیە بۆنێو قورئان, تەنیا بۆتەئویلکردنەوەی ئەودەقەنییە, بەڵکوتەئویلکردنەوەی‌ئەوخوێندنەوانەی‌پێشووشە کەچۆن تێگەیشتنی عەقڵی‌وڕاڤەکردنی‌بیستراو فرمان بەسەر دەقدا دەسەپێنێت, ئەبوزەید لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لەوجۆرەخوێندنەوەیە, ستراتیژی خوێندنەوەکەی‌ڕۆشن دەکات, بەوەی‌نایەوێت تەنها بەپێی‌تێگەیشتنی‌عەقڵی مرۆیی تەئویل بکات, یان پشت بەڕاڤەکردنە مێژوویەکان ببەستێت,بەڵکو ئەودەقەچەندەلەناومێژوودائامادەیی هەیە, گەڕانەوەبۆنێو ئەومێژووە, گەڕانەوەیە بەرەوپرسیاری تەئویللای گادامێر, ئەوگەڕانەوەیەش پرۆسەی‌تەئویلکاری دەقە لەنێو زماندا, تەئویلکردن

پەیوەندیی وێنەی دەنگی بیستراوە, کەفرەتەئویلی لەنێوخوێندنەوەکاندا کۆژرابوو, بۆیە ئاماژەوتەئویل پەیوەندیەکی تردرووست دەکەن, چونکە ئەوەتەنها (دال)ی زمان نییەتەئویل دەکرێت, بەڵکوتەئویل لەوە قووڵتردەبێتەوە بەدوای زانستیئاماژەکانیشەوەخەریك دەبێت, بەواتای لەزمانەوەبەرەوئاماژە دەچێت, ئەوەش سیمیۆلۆژیای هیرمنیۆتیکیە.
تەئویلکردنەوەی دەق لەسەر تەئویلکردنەوەیلایەزدان نییەلەلایان تەئویلکارەوە, بەڵکویەزدان لەوپرۆسەیەدا لەدەرەوەیتەئویلدایە, بۆیەگۆڕینی دەقێکی یەزدانیبەدەقێکی زمانەوانی یەزدانی, بەتەنها زیادکردنیووشەیەك نییە, بەڵکوئەو ووشەیەبەشداری کردووەلەهلوکێشەی (نووسەر/دەق/خوێنەر)بۆ(دەق/خوێنەر)
بەرهەمهێنەری دەقی نووسەر کەیەزدانە لەوهازکیچشەیەدا ئامادەبوونینابێت, بەڵکوئەوەی ئامادەگیهەیەدەقە, دەق وەك فەزایەکی دەلالیوزمانەوانی, فەزایەك کەسانسۆرناکرێت, دەرکردنییەزدان لەناوتەئویل لەسەرەبنەمای مەرگینووسەری بارتە, چونکەقورئان دەقێکە توانای کرانەوەوبەشداریکردنی هەیە لەناو زەمەنیتەئویلکار, وەك هەر دەقێکی زمانەوانیتەئویل دەکرێت, بۆیەکاتێ ڕاڤەکردنەکان توانای خوێندنەوزەیان نییە چەندە بۆڕاڤەکردنێك دەگەڕێتەوە کەدەیەوێت مانا بگۆڕێتەسەردەلالەتێکی دەست نیشان کراو, هۆکاری دووەمیش ئیشکالیەتی هاوکیچشەی ڕاڤەکردنە, بەوەی بەرهەمهێنەری دەق کەیەزدانە, هەموڕاڤەکردنەوەکان بۆئەودەگەڕێتەوە, بەلاّم بەئینتیماکردنیئەو دەقەبۆناو ڕەخنەی نوێودەرکردنیبەرهەم هێنەرلەوپەیوەندیە, بەواتای بواربۆخوێندنەوەدەکاتەوەتاتەئویل بکات.
زمان لەودەقەدازمانێکی سرووشتتیە کەلەڕەگداهەڵگری دەلالەتە, بۆیەئەوزمانەڕەهەندێکی سیمانتیکی هەیە, کەئەوکەلێنەزمانەوانیەی جێهێشتووە کەلەناو زەمەنیمێژوویی ڕاڤەنەکرێتەوە, ئەودیدەسیمیۆلۆژیەبۆدەق خود دەکات بە جەستە, بۆیەبەپێی مانا(بارت)یەکە, ژن خودێکە وەك دەق سەیری دەکەین, دەقێکەلەڕێگەی ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانیەوەدەخوێنرێتەوە.
ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانیوشوناسی بریندار
بۆئەوەی وێنەیەکی نەگۆڕ بەچەمکەکان نە بەخشێت, لەتیڕوانینی ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوە تەئویلیئەو دەقەدەکات کەژنە, تەئەویلکردنی ژن لەناو قورئان,. تەئویلکردنیدەقێکە لەناو دەقێکی سنورفراوانوفرەمانا, ئەوەش بنەمایەکی میتۆدیی خوێندنەوەکەیەتی, چونکە ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی بەشێکی سەرەکی میتۆدیی سیمیۆلۆژیایە, لەساکارترین پێناسدادەڵێین"ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی گەڕانە بەدوای مێژووی زماندا, ئەوەش توێژینەوەیەلەبارەی ئەرکیۆلۆژیاوە, کەئەنترۆپۆلۆژیای کلتوریلەڕێگەی زمانزانیوئەنتۆلۆژیاوئەرکیۆلۆژیاوە دەیەوێت بەرەو زەمەنێکی دوور بگەڕێتەوە"(5)
لەوڕوانینەوە زمان تەئویل دەکات, کەبکەرتیایدا نێرینەیەوژنیش تەنها لقێکەلەناو ئەو بکەرەدا, دواجارتواناکانیبکەرلەناوتواناکانی نێرینەداکۆدەبێتەوە, ئەگەرچی ئەوەتەنهاپەیوەست نەبێ بەزمانی عەرەبییەوە, بەڵکولەناوزمانەکانیش تریش هەبێت, بەلاّمك لەتوێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیانەدادەردەکەوێت, کەتوانای زمان پەیوەندیی بەئاستیئاگایی ئەوهێزەکۆمەلاّیەتیەوەهەیە کەگوتاری ئەخلاقیوهێزیخۆی لەناو وێنەی شۆرەسواریوقارەمانێتیدا کۆکردۆتەوە, بۆیە زمان خاڵی نییە لەو گەشە سەندنەی مرۆگی ئەوکۆمەڵگایەوبەپێی ئاستیئاگایی مرۆگەکانیش دەبێت تەئویل بکرێت, بۆیە ئەو ڕاڤە تاکرەهەندە چەندە پەیوەندیی بەکزیی ئاگایی ئەومرۆڤەوەهەیەوئامادەبوونی دەق پرۆسەیەکەبۆعەقلانی بوونی, ئەوا لەئێستادائەودەقەلەنێوکوشتنی تاك مانابیدایە, مانای وایە ئەومرۆڤە ناتوانێ تەئویل بۆئاستی عەقلانی وئاگایی خۆی بکات, بۆیەقبوولکردنی ڕەهەندە مێژوویەکەی دەق بە مانای عەقلی ئەوپەیوەستە بەڕەهەندیی مێژوویی لەئێستادا. هەربۆیە ئەگەرعادەبوونی ژن سزایەکی یەزدانی بێت لەبەرامبەربەتاوانێك کەلەمێژوودا کەژن درەختێکی دەرخواردی پیاوداوە.. کەخوێنی تێدابووە, ئەوەش گۆڕینەوەی تاوانێکەبەسزای تاوانێك, کەگۆڕینەوەی خوێنە, چونکە ئەگەرئەوسزایەبەسزایەکی یەزدانی ناوبەرین, دەبێ بلێین پەیوەندیی گۆڕینەوەی خوێنە, بۆیە سەیرکردنەوەلەناوسیاقی مێژوویی ڕەهەندێکی ئەفسانەیی بەو مێژووەبەخشیووە,

لەبیری بەپیرۆز ڕاگرتنی یەزدان, ئەوبەپیرۆز ڕاگرتنە دەبێت بەشێواندنیمانا بنەڕەتیەکان, بۆیە ئەگەرئەودیدە سەلەفیە بیەوێت هەردیاردەو پێشڤەچوونێکی زانستیوکۆمەلاٌیەتی بۆنیەو دەق بگەڕێنێتەوە, بەلاٌم ئەوگەڕانەوەیە وەك بەرهەمیکلتوری عەقلٌی کۆمەلٌگاوپەیوەندیە کۆمەلاٌیەتیەکان دانانێت, بەلٌکو وەك ئاین دەیگەڕێنێتەوە, هەربۆیە تەئویلکردنی ئەودەقەلەسەرئاستی گەمەی دەلالیە, سەرباری ئەوەی قبوولٌی نییە ئامادەیی ئەوەشی تیا نییەکەدەسبەرداریی سیاقی ماناوڕەهەندیی مێژوویی بێت, بۆئەوەش ڕەخنەئاراستەی(فەهمی هوەیدی) دەکات بۆڕاڤەکردنی ئایەتێك, بۆئەوەی لەو ڕەخنەیە توانای خوێندنەوەیمانای هەبێت, ئایەتی پێشوو دەهێنێتەوە, چونکە پێی وایە" وقرن في بيوتكن ولاتبرهن تبرج الجاهليه الاولى ويقمن الصلاه وأتين الزكاه واگعن **الله و رسوله انما يريد الله ليژهب عنكم الرجس اهل البيت يگهركم تگهيرا"(الاحزاب/33)**

تەئویلکردنی ئەوئایەتە لەلای ئەبو زەید دەرخستنی ئەو ڕاستییە کە "ئەوە بەشێکە لە کۆمەلٌێك لەئایەتەکان کە پەیوەستە بە ڕێکخستنی پەیوەندیی لەنێوان پێغەمبەروژنەکانیدا"(6) بۆئەوەی عائیشە نەکەوێتە ململانێ لەگەلٌ عەلی.

دانانیئەوسنوورەبۆبڕوونەدانی کێشەیە کەهەرزیانێکگ بەهەرلایەك بکەوێت, دواجاربەزیانی ئیسلام کۆتایی دەهات, ئەوەش بەلایەوە پرسیارێکیناامادەیەلەلای(هویدی)پرسیارێکە لەسیاقی مێژوویی دەرکراوە, چونکەمێژووی زمانی عەرەبی مێژووی دەست پێکردنی قورئانە, مێژوویەکە ئەومرۆڤەناتونانێت خۆی لێ دابڕێت, دابڕان بەمەبەستی سەیرکردنی ئەومێژووەوەك ڕابردوویەك, کەلەئێستادانەبێت بەنەریت, بۆیەبەنەریتکردنی ڕابردوو تێکەلٌی نێو زەمەنی دەق بووەوبەوەش ڕاڤەکاربۆدەق توانای خوێندنەوەیلەخۆی سەندۆتەوە, بێئەوەی بتوانن جیاکاری لەنێواندەق وەك گوتارێکی قورئانیوڕاڤەکاروەك هیواو خەونەکانی بۆئێستا, بەلٌکو خەونیبۆژیانوئازادیی لەنێو دەقدا ڕاڤەکردووە, چونکە"لەگەلٌ گۆڕانی بارودۆخی کۆمەلاٌیەتیوچاکبوونی دۆخی ژن لەکۆمەلٌگادا, دەکرێت دەقە ئاینیەکان لەدەلالەتی مێژوویەوە بخوێنرێتەوە, لەپێناو هەلٌێنجانی جەوهەریونەگۆڕیئەودیوخستنەڕووینەگۆڕدا"(7)

کەواتە ئەگەرخزمەتکردنی پیاو ببێ بەکاری سەرەکی ژن, ئەوکارەلەبنەڕەتدابرینداركردنی شوناسی ژنێتیە, چونکە خزمەتکردن لێدانەلەوشوناسەیکەڕۆلٌی خزمەتکارێکی پێدەداتوپیاو دەکات بەسەردار.

ئەوەلەکاتێکدا کێشەی ژن بەرهەمی واقیعێکی کۆمەلاٌیەتیە, ئەو واقیعە ڕەهەندێکی وونونادیارە, بەدەرخستنمی ئەو ڕاستیەش کە کێشەکە بەتەنها کێشەی ڕەگەزێك نییە, چونکە کێشەیەکی مرۆیی کۆمەلاٌیەتیە, بەواتای ژنوپیاو تیایدا بەشدارن, بۆیە ئەو ڕوانینەوەیغەزالی بۆ قورئان دیدیچکی سەلەفیە لەبەرامبەر زانستدا, بەوەی تەنها قورئان چاوگەی زانستەکانوداهێنانە زانستیەکان, شتێکی ئەوتۆ نین دەسەلاٌتی یەزدان لەسەردەمی زانستدا زیاد دەبیبێت, بەلاٌم چۆن زیاد دەبێت؟ ئەوەیان پرسیارێکی فەرامۆش کراوە بەفەرامۆشکردنیشی دەستەواژەی فەیلەسوفەکان مرۆڤی نەخۆشن شوێنی پرسیار دەگرێتەوە, بۆیە ڕەخنەی نەسرحامد ئەبو زەید لێرەدا ڕەحخنەیەکە لەوکلتورە داخراوەوە دەست پێدەکات, بەتایبەت لە ڕشەخنەگرتنی لە "محەمەد جەوهەری" دەردەکەوێت کە جەوهەری لەتوانای زمانی دەقەوە سەیری تواناکانی ژنی نەکردووە, بەلٌکو لە ڕاڤەکردنیلا سایکۆلۆژیەوە لە ژنی ڕوانیووە, وەهەرچی "زەکی نەجیب مەحمود"یشە کەوتۆتە هەلٌەوی ڕاڤەکردن, خالٌچە بنەڕەتیەکانی دەقی بەرەو دیدێکی ناڕۆشن بردووە, ئەوەش دەبێتە خولٌقاندنی دەرەنجامی هەلٌە, چونکەو کاتێك لە ڕێگەی ناوبردنی(فالقران كتابهم وكتابى)ئەوەمان بۆ دەردەخات کەزمان بۆ هەردوو ڕەگەزەکە وەك یەك وایە, ئەوەش وادەردەکەوێت کەنەیتوانیووە لە ڕەوانبێژی خالٌی بێت, بۆیە ئەبو زەید دەوقی ئایەتەکە دەنووسێتەوە(فقلنا يا ادم ان هژا عدو لك و لزوجك فلا يخرجنكم من الجنه فتشقى)کەئاماژەی زمانەوانی دەلالەتە بۆ تاکی نێرکە ئادەمە, بۆئەوەش ووتەیەکی "گبری" دەهێنێتەوە کە کیچشەکە یەکلایی دەکاتەوە لە ڕووی زمانەوە, بۆیە دەنووسێت"نەیوتووە(فتشقيا)وەماناکەشی زۆر ڕوونە. وەك چۆن هەلٌەکەشی زۆر ڕوونە"(8)

ئەو تێگەیشتنەش تەنها ڕواغنینێکی ئەنترۆپیۆلۆ1یانەی زمانەوانی نییە بۆ شوناسی ژن, بەڵکو ووەلاّم بەو ڕوانینەش دەداتەوە کەلەبارەی چەمکی ڕەخنە گرتن لە ڕابردوو ئاراستەی کراوە, چونکە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت, کەمەبەست لەو ڕابردوو مێژووی دەق نییە, بەڵکو ئەو مێژووەیە کە ڕاڤەکردن ئاراستەیەکی بۆمانا سنور دار کردووە,ئەو ڕابردووەتە لەنێو تەئویل دەکەوێتە نێو پڕۆسەی ڕەخنەییەوە, ڕەخنەیەك بۆئەوەی تێگەیشتنی نوێ بێنێتە بوون, پێویستی بە پشکنینی ڕابردوو هەیە, کاتێ پێشی ئاشنا دەبێت ئەو ڕابردووە دەبێتە زەمینەیەك بۆ ڕەخنە, بەبێ ڕەخنە گرتن لە ڕشابردوو ناکرێت بەدوای دیدێکی نوێدا بگەڕێین بۆ ئێستا کەدەبێت ئەو ڕابردووە ڕاڤەکارییە لەبنەڕەتەوە هەڵبوەشێنرێتەوەولەبنەماوە هەوڵی دۆخێکی کراوە بدرێت بۆ دەق.

ئەگەر سەلەفیەت بیەوێت ئەو پڕۆسە هەڵوەشاندنەوەگەراییە بقۆزێتەوە, بەوناوەی کە بیروباوەر بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبردریچت, ئەوەتەنها هەولچێکە بۆ دەسخەڕۆکردن‌وهاندانی کۆمەڵگا کەئینتیما بۆ تەئویل نەکەن, چونکەو لە ڕاستیدا ئەو کارە هەڵوەشاندنەوەی بیروباوەڕ نییە, بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکەکانی نێو ڕاڤەکردنە کەبەسەر دەقدا سەپێنراون, بۆئەوەش بە غەزالی‌وئیبن روشد دەست پێدەکات, کەیەکەمیان بووە بە سیچنتەر ئەویدیش پەراویچز, کەدواجار پەراوێزەکە بەتەواوی دەکرێتە دەرەوە, ئەو دەرکردنە وای کرد ئیبن روشد بکریچت بەخۆر ئاوایی, کران بە خۆرئاوایی مەبەست لەئاویچتە بوونە لەگەڵ کلتورێکی تر لەگوتاری ڕەخنەیی, بۆیە ئەو پرۆژە تەئویلکاریەی ئەبو زەید چەندە لەژێچر زەمینەی‌یەکی ڕەخنەیی‌وزمانەوانی ڕەخنەی خۆرئاوایی هاتۆتعە بوون, بەلاّم لەهەمان کاتدا هەوڵێکە بۆ ئاشتکردنەوەی ئیبن روشد بە کلتوری عەرەبی‌وسەرەتایەکی عەقلاّنی بۆ ڕەخنە لەناو کلتورە کە عەرەب تا ئێستناش ئیدراکی پێناکات.

تەئویل لونێوان کەناروسێنتەر

تەئویلکردنی ئەو کلتورە ڕەخنەییە بەرەنجامی تێگەیشتنی ئەو عەقڵە مرۆییە کەوحوکمی بەسەرلا دیدی خوێندنەوە کردووە, ئەوەتەئویلکردنەوەی خوێندنەوەیە نەوەك تەئویلکردنی تەئویلکار بێت بۆ ئەو خوێندنەوانە, بەڵکو بەرەنجامی خوێندنەوەی ئیبن روشدوچۆنیەتی ڕەفتاری عی‌قڵی عەرەبییە,و تەئویلکارێکی وەك ئەبو زەید دەگەیەنێتە ئەو بۆچوونەی‌ی کەئیبنە روشدوەك کەنار سەیر بکرێت, چونکە خویچندنەوەی بۆدەق تەئویلێکە بۆ کۆمەڵگای عەرەبی و وەك خوێندنەوەیەکی نامۆ سەیر بکرێت.

ئەو نامۆ سەیرکردنە وەك پەراوێزێکی ئەو کلتورە ڕەخنەییە سەیر دەکات, کاتێك بەپەراوێز دەکرێتووەك مەعریفەی کەنار دەخوێنرێتەوە, بەمانای بوار بۆ خوێندنەوەی بەرامبەر دەکریچتەوە کە قبوولّ کردن بۆی دەبێت بە قبوولّ کردنی سێنتەر, دواتر دەگەڕێمەوە بۆ ئەو خاڵە, بەلاّم با جارێ ئەوەی پێویستە ئاماژەوی پێبدەین کەئەویش ئیبن روشدە, کەئەو ه8ۆکارە چیە دەویکات بەکەنار؟ کەبەلای ئەبوزەید ئەو بەکەنار خستنە پەیوەندیی بە دوو ئاستەوە هەیە: یەکەمیان ناو دەنێت فیکریی‌وعەقڵی‌وئەویدیش کۆمەلاّیەتی‌وسیاسی.

ئاستی دووەم لای ئیبن روشد ئاستێکی درۆك پیچکراوە, ئەوەش بەهۆی ڕەفتاری سیاسی خەلیفەی ناوچەی قورتوبە لەسەردەمی بەعقوب مەنسور(580-595)ی کۆچی کەفەرمانی دەرکرد ئیبن روشدلەناو خۆیان دووربخەنەوە, چونکە ئەو کاتە خەلیفە لەخۆئامادەکردندابە بۆ جەنگ کەپێویستی بەدەنگی هاندەروپاڵپشت هەبوو کەهانی‌کۆمەڵگا بدات بەشداری لەو جەنگە بکەن, بەلاّم بۆچوونی ئیبن روشد لە خستنە ڕووی تەئویلکردنی هاوچەرخانە بۆ قورئان دەبووە مایەی زیان لە باری دەروونی کۆمەڵگا بدات, بۆیە بڕیاری دا لە قورتوبە دوور بخرێتەوەوهەموو کتێبەکانیشی بسوتێنرێت, ئەوەش مانای وایە لە ئاستی سیاسیەوزە حوکم بەسەر خوێندنەوەکەی دراوە, بۆیە بەکەنار خستنی لەو ئاستەدا پەیوەندیی بەدوور خستنەوەی هەیە, چونکە وەکگ دەنگێك سەیری دەکات کەدژی کوشتارە, ئەگەر ئەوە بە ناکۆکی فکریی‌وعەقڵی سەیری بکەین ئەوکارەمان تەنها دەبێتە مایەی خۆ هەڵخەڵەتاندن, چونکە دوای کۆتایی جەنگ

خەلیفە فەرمانەکۆنەکەی هەڵوەشاندەوەولێی پاشگەز بۆوەوئیبن روشد گەڕایەوە, ئەگەرچی ماوەیەکی کەم لەوێ مایەوەوتا دواجار لەساڵی 595 ئەو ساڵەی حوکمی خەلیفەی ناوبراویش کۆتایی دەهات, هەرلەو ساڵەدا ئەویش مرد.
ئەو ئاستە سیاسیوکۆمەلاَیەتیەی کاتێ لەکەنار دەیهێلێتەوە, پێویستی بە سێنتەرێکیش هەیە, سێنتەر لێرەدا وەك ئەلتەرناتیڤی کەنار دەبێت دەربکەوێت, ئەگەر لەئاستی کۆمەلاَیەتی تەنها پێویستی بەپەراوێز کردنی کەنار بێت, بەلاَم لەناو ئەو ئاستەدا گوتارە سیاسسیەکە دڵنیایە لەوەی بەبێ سێنتەر ناتوانێ ببێچ بەخاوەن بنیاتنێکی کۆنکرێتی, بۆیە کاتێ ڕاڤەکردنەکانی غەزالی وەك سێبنتەر سەیر دەکرێت, ئەوەیان ئاستی یەکەمە, ئەو ئاستەی ئیبن روشد درکی پێنەکردووەوئەبوزەید ئاماژەی بۆ کردووە.
ئەوەش هەرچەندە وەك ئاستێکی سەربەخۆ خۆی دەردەخات کەئاستی فیکری و عەقلیە, بەلاَم زۆرجار وەك تاکتیکی ئاستی دووەم دجەردەکەوێت, بوونی ئاستی فیکریوعەقلی بۆ دامەزراندنی سێنتەرە , تاوەکو بەتەواوی ئەو خویچەندنمەوەیەی ئیبن روشد ببێچت بەکەناروگوتاری سیاسی وئیسلامگەراکان شەرعیەتی خۆی وەربگرێت, دیارە ئەگەربمانەوێت نمونەیەك لەناو دنیای کوردیدا بێنینەوە, نمونەیەکی نویكوئاماژەکردن بۆی نەك بەکارێکی پێویست دەزانرێ, بەڵکو مەسەلەیەکی ئەخلاقیشە, ئەویش ئاماژەکردنە بە رشوووداوی تیرۆرکردنی روناکبیرێکی گەورەی وەك(عەبدولخالق مەعروف).
لەو ڕووداوەکاتێ توانای ئاستی یەکەم بوونی نیە بۆئەوەی بیخاتە کەنارەوەبەسێنتەر بوونیخۆی لەدژی ڕابگەیەنێت, دێت لەسەر ئاستی کۆمەلاَیەتیوسیاسی کاری لەسەر دەکات, لەسەر ئاستیکۆمەلاَیەتی هەوڵی شێواندنی وێنەکەی دەدات, , تاڕادەی ئەو ناوبردنەی خەلیفە بۆ ئیبن روشد بەمولحید, هەمان ناتو بردن گەشە پێدەدات, ئەوەش تەنها بۆ ناشیرینکردنی وێنەی ڕوناکبیرێك نیە, بەڵکو هەوڵێکە بۆ شەرعیەتدان بەتەواوکەری ئاستیدووەم, چونکە ئێمە ووتمان ئاستیدووەم کۆمەلاَیەتیوسیاسیە, بۆیە شەرعیەتدان بەئاستی سیاسی رشێگەدانە بەتیرۆرکردنی, بۆچی؟
ئەگەرواسەیری کتێبەکەی بکرابوایە کەنووسینێکە دەچێتە نێو گەمەی سیاسیودەتوانرێت لەسەرئاستی کۆمەلاَیەتی دژایەتی بکرێتوتەنانەتی بڕیاری سیاسیانەی کاتیشی لێبدرێت, وەك قبوولْ کردنی ئیبن روشد دوای دەرکردنیوسوتاندنی کتێبەکانی, ئەوا بیر اەتیرۆر کردنی نەدەکرایەوە, بەلاَم چونکە ئەوکارەی عەبدولخالق مەعروف بەتەنها وەك دژایەتی ئاستێك سەیر نەکراوە, هێندەی وەك ڕووبەڕووبوونەوە بۆ ئاستی فیکرییوعەقلیش سەیر کراوە, بەواتای هەوڵێکە بۆ ئاشکراکردنی ستراتیژێك کە پڕۆژەوخەونی سیاسی لەسەر بونیاد دەنرێت.
بۆئەوەی لەوە زیاتر لەبابەتەکە دوورنەکەوینەوە, لەو نمونە کوردیە دێینە دەرەوەبەکەنارکردنی ئیبن روشدبەنەسر حامد ئەبوزەید دەبەستینەوە, چۆن؟ گومانیچك نەماوە لەوەی بڵێین پڕۆژەکەی ئەبوزەیدبەتەنها لەناو تیۆری ڕەخنە یەوە بەرهەم نایەت, بەڵکو پڕۆژەیەکە لە بەرەنجامی نەزانینو دادگایی سوکراتیانە هاتۆتە بەرهەم, مەبەستمان لەو دەستەواژەیە ئەو حەقیقەتەیە کە ئەو هەست بەنەزانینی خۆی دەکات, بەلاَم ئەوە عەقلی عەرەبیە نایەوێت دان بەو نەزانینیەی خۆی بنێت, بۆیە خالێبکی بوێری سووربوونە سوکراتیەکەیەتی" سوکرات ڕاکردنی ڕەتکردەوە کەزۆر بەئاسانیش بۆی دەهاتە دی سووربوونی لەسەرکەوتنی دەسەلاَت کاریچك بوو کە پێویستە سەرنجمان بۆ رشەهەندی شکۆمەندی دەسەلاَت ڕابکیچشرێت, هەروەها رشێزگرتن لەلای ئەو فەیلەسوفە, هەتا ئەگەر بڕیارەکانیش ناکۆك بن لەگەڵ حەقیقەت, وەك فیکریی فەلسەفی دەیبینێت"(9)
دیارە ئەبو زەید سوور بوە لەسەر ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ دەسەلاَت, بەلاَم ویستویەتی ڕێزیشیان لێ بگرێت, ئەگەر تەواو لەگەڵیشیاندا ناکۆك بیچت, خۆی وەك نەیاریچکی دەسەلاَت دەرنەخستووە, هێندەی ئەوە دەسەلاَتە سوکرات ژەهر خوارد دەکاتوئیبن روشد لەماڵ دەردەکاتوکتێبەکانیشی دەسوتێنێتوبەبڕیاڕێك پەیمانیهاوسەرێتی ئەبوزەیدو ئیبتیهال یونسی هاوسەری هەڵدەوەشێنێتەوە, هەموو ئەوانەش لەژێچر ناوی پاراستنوشەرعیەتدان بەحوکمی ئاینی بەجێ دەگەیەنرێت, بەجێگەیاندنی ئەو حوکمە گومان لەنۆستالۆژیی بوونی خۆی ناکات, بەلچکو بەرشێگایەکی

رشاستیدەزانێتوبەرامبەرەکانی بە گوناهبار سەیر دەکات, لە رشاستیدا ئەگەر تاکە گوناه وهەڵەیەکیش هەبێت تەنها تەئویلکردنە, تەئویلێك بۆ کرانەوەیلا دەق تاوەکو دەق نەمریچتولەڕەهەندیی مێژوویی دەربکرێتولەناو ڕەهەندی ئاگاییەکی هەنووکەییانەوەوە وەك ڕووبەرێکی زمانەوانی بخوێنرێتەوە, بەلاّم مل نەدان بە تەئویل لە رشاستیدا ترسە لەدۆرشاندنی ئەو یۆتۆپیا سیاسیەی لەپشت رشەهەندی مێژووییەوە خەریکی ئەرشیفکردنی مێژووە, بۆ ئەو کارەش پێویستیان بەموعجیزە ئاینیەکانی نێو مێژوو لەپاڵ کۆمەڵێك فانتازی سشیاسی هەیە, کەدواجار ئەو فانتازیە سیاسیە دەبێتە بەربەست لەبەردەم کرانەوەی دەقدا.

پەراوێزوسەرچاوەکان

(1)اشکالیات القراوه والیات التأویل/نصر حامد ابو زید, المرکز الپقافی العربی(بیروت)الگبعه الخامسه, 1999/ص6

(2)دوائر الخوف/نصر حامد ابو زید, المرکز الپقافی العربی(بیروت)الگبعه الخامسه, 1999/ص203

(3)التأویل وتفسیر النص/ عبدالامیر کاڤم, دراسات فلسفیه العدد الاول, 2002/ص104

(4) اشکالیات القراوه والیات التأویل/نصر حامد ابو زید, المرکز الپقافی العربی(بیروت)الگبعه الخامسه, 1999/ص53

(5) ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی/ نیهاد جامی, گۆڤاری نما ژمارە (3)پایزی 2000/لا26

(6) (2)دوائر الخوف/نصر حامد ابو زید, المرکز الپقافی العربی(بیروت)الگبعه الخامسه, 1999/ص203

(7)هەمان سەرچاوە/لا68

(8) هەمان سەرچاوە/لا116

(9)الخگاب والتأویل/ نصر حامد ابو زید, المرکز الپقافی العربی(بیروت)الگبعه الخامسه, 2000/ص15